کۆڕی زانیاری کورد

الوزیریە- بغداد

زۆر بەڕێز مامۆستا شاکر

سلاوێک لە دڵەوە لەگەڵ سۆز و ئیحترام

چەند ڕۆژەک لەمەوپێش میهرنامەکەت مێشک و دڵمی ڕوون کردەوە، چەندجار بەقەد درێژی و زەحمەتی نووسینەکەت سوپاسگوزاری کردم. دەبوا لە هەمان کاتی گەیشتنی هەر نەبێ بەوەجهی وەفاکاری جوابەکەی بنووسمەوە بەڵام بڕوات بێ بەجۆرێک مەشغەڵەت و سەغڵەتی ڕەنگاوڕەنگ و صەد ئاهەنگ پابەندی کەم توانایی کردووم و فرسەتی لێ سەندوم بەحاڵ دەپەرژێمە سەر ئەنجامی کردنی پێویستی موجامەلە، بۆ میسال دەڵێم نامەی ئەوتۆ هەن لە دوو مانگ زیاترە بەدیار هەڵێکی لەبار، جارێ وا لەودیو پەردەی عەدەمن، جورئەت ناکەم دەست بۆ قەڵەم و کاغەز بەرم چونکە دەزانم بەپێی شیان نووسینم بۆ ناکرێ: کەوا بۆ جەنابت هانم دا بەرخۆم و ئەو چەند دێڕە شڕوبڕە نووسی، پشت ئەستوور بووم بەوە چاوی لطفت عەیب پۆشە و لە تیلایی جوانکاریتانەوە ئارایشتێکیش دەبەخشن بەنامە ڕووت و قوتەکەم.

ئەوەی نوسیبووتان، هێندە سوودبەخش بوو زەحمەتێکی تێیدا بەخەرجتان بردبوو وەک دانەوێڵەی تو دەر بوو بەخەرمان و تێشووم لێ پڕکرد. دەمێنێتەوە مادەی (أویس القرني) وادیارە چار نییە دەبێ وەک هەڵە ڕاست بکرێتەوە چونکە هەموو سەرچاوەکانی کە مەعلوماتت لێ وەرگرتوون لێی لادەدەن بۆ ڕەچەڵەکێکی دیکە بەنیسبەت کتێبەکەی لای منیش، ڕوونکردنەوەی درەختی خانوادەی نووسەرەکەی کەلەبەرێکی فراوان پڕ دەکاتەوە، لەم ڕووەوە و لە ڕووی لطف و هیمەتیشەوە ئەوەندەی بڵێ مەمنونتم یاخوا هەر بمێنی بۆ سوودی گشتی و شەخسی و وەک نموونەیێکی هیمەتی بەرز و گیانی زانستپەروەری ئەمەو ئەوپەڕی خۆشویستن و ڕێز و ئارەزووی

برای خۆت

مسعود محمد




بسم الله الرحمن الرحيم

کۆڕی زانیاری کورد

المجمع العلمي الكردي

الوزيرية – بغداد